# دروستبوونی جوڵانەوە ناسیۆنالیستیەکانی تورکمان لەباشوری کوردستان ١٩٦٨-١٩٩٧

پ.ی.د. ئاکۆ عبدالکریم محمود
ako.shwani@univsul.edu.iq

م.ی. کاروان فتاح عبدالرحمن/ خوێندکاری دکتۆرا
Karwan.abdulrahman@uoh.edu.iq

کلیلی ووشەکان

تورکمان، ناسیۆنالیست، هەرێمی کوردستان، بەرەی تورکمانی، کوردستان، کەرکوک


## ملخص

الظهور السياسي للتركمان - في جنوب كوردستان - تأريخه ليس ببعيد، فعلى الرغم من أنهم لم يكن لهم أي نشاط مسلح ضد النظام العراقي -كالكورد- الا أن بدايات نضالهم القومي ليست ببعيدة أيضا. تبدأ مرحلة النشوء والظهور القومي للتركمان سنة ١٩٦٨ و تمتد إلى ١٩٩٧م، وهذه الدراسة حللت تلك المرحلة في ثلاثة محاور: المحور الأول خصص لبحث الجهود الفردية لتأسيس نوع من النشاط القومي للتركمان من(١٩٦٨) إلى (١٩٩١)م، و محاولات حزب البعث لقمعهم واضطهادهم. و في المحور الثاني تناولت الدراسة تأسيس الأحزاب السياسية التركمانية سيما الأحزاب القومية منها، بعد انتفاضة ١٩٩١ وحتى ظهور الجبهة الوطنية، بالبحث والتحليل. أما المحور الثالث فقد تناول بالتحليل تأسيس الجبهة التركمانية-كمكون سياسي قومي للتركمان و مشاكلها و رؤيتها السياسية منذ تأسيسها وحتى سنة ١٩٩٧م، هذا و قد نظمت الجبهة نفسها من جديد بعد الأحداث التي وقعت سنة ١٩٩٦م.



## Abstract

The political emergence of the Turkmen - in southern Kurdistan - is very new, although they did not have any armed activity against the Iraqi regime, such as the Kurds, but the beginnings of their national struggle is not far away either. This study analyzes that period in three parts: The first part was devoted to discussing individual efforts to establish a kind of national activity for Turkmen from (1968) to (1991), and the attempts of the Baath Party to suppress and oppress them. . In the second part, the study deals with the establishment of the Turkmen political parties, especially the nationalist ones, after the uprising and until the emergence of the Turkmen Front. The third part will evaluate the establishment of the Turkmen Front - as a national political component of the Turkmen and its problems and political vision from its inception until the year 1997, and it has organized itself again after the events of 1996.

## پێشەکی

تورکمان وەك یەكێك لە پێكهاتەكانی عێراق لەماوەی حوكمی حیزبی بەعسدا بە شێوازی جۆراوجۆر گوزارشتیان لە بوونی نەتەوەیی خۆیان کردووە. هەرچەندە هیچكاتێك خەباتی چەكدارییان دژ بە رژێم بەرپا نەكردووە، بەڵام لە فۆرمی هەوڵی تاكەكەسی و گروپی ناوچەیی دەركەوتنی سیاسیان هەبووە لە دوو قۆناغی جیاوازدا. تورکمان بە پێچەوانەی کورد، درەنگتر خەباتی سیاسیان دژی رژێم بەرپاکرد. سەرەرای ئەوە، جۆرێك لە خەباتی نهێنی لەناو تورکماندا هەبووە، كە هەرگیز بۆ خەباتی سیاسی رێكخراو و لەشێوەی پارتی سیاسی نەگۆراوە. هەتاوەكو هەرێمێک لە باشووری کوردستان دروستنەبوو، پارتی سیاسی تورکمانیش دروستنەبوو.

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە گرنگی پێدەدات بریتیە لە دروستبوونی جولانەوەی ناسیۆنالیستی تورکمان لە هاتنە سەردەستەلاتی حیزبی بەعس هەتاوەكو گەشەكردنی ئەو رەوتە لە بەرەی تورکمانی واتە هەتاوەكو ساڵی ١٩٩٧. ئەو ماوەیە بە سەردەمێکی راگوزەر بۆ دروستبوون و پێكهاتنی جولانەوەی نەتەوەیی تورکمان لە باشوری کوردستان ئەژماردەكرێت. توێژینەوەكە لە سێ تەوەردا رەوتی گەشەكردنی بزاڤی سیاسی نەتەوەیی تورکمان دەخاتە روو. تەوەرەی یەكەم لێكۆڵینەوە لە سەرەتای هەوڵەكانی جولانەوەی سیاسی تورکمان دەدات كە خۆی لە هەنگاوی کورت و ناوچەیی و تاكەكەسی دەبینێتەوە. پاشان ئیشكردن لەسەر هەوڵەكان بۆ دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمانی و ئەوپارتانەی كە سەرەتاكانی كاركردنیان دەگەرێتەوە بۆ بەر لە ساڵی ١٩٩١. تەوەرەی دووەم شیكردنەوە بۆ پارتە سیاسیەكانی تورکمان پاش راپەرین هەتاوەكو دروستبونی بەرەی تورکمانی دەكات. سەرجەم ئەو پارتە تورکمانیەكان بەتایبەتی ئەوانەی ناسیۆنالیستین و پاش راپەرین دروستبوون دەخرێنە بەرباس. دوایین تەوەر دروستبوونی بەرەی تورکمانی و گرفتەناوخۆییەكانی و پێكهاتەی كارگێری و سیاسی ناو بەرەوو پاشان پارتەسیاسیە پێكهێنەرەكانی ناو بەرە توێژینەوەیان لەبارەوە دەكرێت هەتاوەكو ساڵی ١٩٩٧ و دووبارە خۆ رێكخستنەوەی بەرەی تورکمانی.

## تەوەری یەكەم/ هەوڵە سەرەتاییەكان بۆ بەرپاكردنی خەباتی سیاسی تورکمان:

سەرەتاكانی كاری سیاسی تورکمان بە دوو قۆناغدا تێپەر دەبێت. قۆناغی یەكەم بریتیە لە هەوڵە تاكەكەسیەكان و لە شێوەی گروپی بچوك و ناوچەیی تێناپەرێت. قۆناغی دووەم پێكدێت لە سەرەتاكانی دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمانی هەتاوەكو راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١. پارتە سیاسیە تورکمانەكان بەتایبەتی ئاراستە ناسیۆنالیستیەكان لەپاش ئەو بەروارەوە دەست بە جوولانەوەی سیاسی دەكەن. سەرەتای دەستپێكردنی خەباتی سیاسی تورکمان بە هەوڵی تاكە كەسی و گروپی بچوك دەستپێدەكات. سەرەتای ئەو هەنگاوانەش بە هەوڵدان بۆ كردنەوەی یانەی كلتوری دەبێت. لەساڵی ١٩٦٨ و بەتایبەتی لەسەرەتاكانی ئەو ساڵەدا، بە ماوەیەكی كەم بەرلە هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر حوكم، ژمارەیەك رۆشنبیری (نوخبەی خوێنەوار) شاری كەركوك كە پێكهاتبوون لە پزیشك و ئەندازیار و مامۆستاو ئەدیب هەستان بە پێشكەشكردنی داواكارییەك بەمەبەستی كردنەوەی یانەیەكی كولتوری لەسەر شێوازی یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد، بەناوی «یانەی رۆشنبیری كەركوك»( ارشد هرمزی، التركمان و الوطن العراق، ط٣، استانبول، ٢٠٠٥، ص١١١). لە لایحەی پێشنیاركراوی یانەكەدا پێناسەی كاری یانەكەیان كردبوو بەوەی كە یانەیەكی رۆشنبیری گشتییە و گرنگی دەدات بە بوژاندنەوەی لایەنی رۆشنبیری و كولتوری و هەروەها دەرچونی ژمارەیەك گۆڤار و بڵاوكراوەی رۆشنبیری بەمەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیانی تورکمان. بەڵام لەگەڵ هاتنەسەر كایەی دەسەلاتی حیزبی بەعسدا، داواكارییەكە بەتەواوی فەرامۆشكرا و رێگە بە كردنەوەی یانە رۆشنبیریەكە نەدرا ( عزیز قادر الصمانجی، التاریخ السیاسی لتركمان العراق، لندن، ٢٠٠٣، ص١٩٣-١٩٤). بە بیانوی روونەبوونی مەبەست و ئامانجی كاری رێكخراوەكە (ارشد هرمزی، م.س، ص١١٢). هەرچەندە داواكارانی ئەو یانەیە تانەیاندا لە بریارەكەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە لای دادگای تێهەڵچوونەوە، بەڵام تانەدانەكە بێسود بوو. سەبارەت بەوداواكاریانە، صبحی ساعاتچی نوسیویەتی كە یاداشتەكە لە ١٩٧٠/١٠/٥ پێشكەشكراوە بە دەستەلاتدارانی بەغداد و ژمارەیەك داواكاری تیادا بووە. لەو داواكاریانە وەك داننان بە نەتەوەی تورکمان وەك نەتەوەی سێیەم لە عێراق و پێدانی وەزارەتێك بە تورکمان و جێبەجێكردنی بریاری مافە كلتوریەكانی تورکمان كە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش دەریكردبوو(صبحی ساعتجی، الكیان التركمانی فی العراق، ت.حبیب الهرمزی، ط١، استانبول، ٢٠١٤، ص٢٢٥-٢٢٦).

تورکمانەکانی هەولێر بەهەمان شێوەی کەرکوك لەو قۆناغەدا جوڵانەوەی سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبووە و جگە لە چەند کۆبوونەوەیەکی کەم نەبێت بۆ باسکردنی رەوشی تورکمان لەوشارە، هیچ پارتێکی سیاسی بەدی ناکرێت. لە ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێك لە تورکمانەکانی شاری هەولێر لە دیوەخانی حاجی خورشید حاجی عوسمان یونس و بە ئامادەبوونی صنعان احمد اغا کۆدەبنەوە و لەسەر چەند بریارێك رێکدەکەون بەمەبەستی ئامادەسازی بۆ قۆناغی داهاتووی ناوچەکە (منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، مواقف المسيرة السياسية، ع٤، اربيل، ٢٠٠٢، ص٥.). لەو کۆبوونەوەیەدا رێگری دەکەن لە چەك هەڵگرتن و خەباتی چەکداری لەژێر هەر ناوێکی نەتەوەییدا بێت و بۆ لێدان لە نەتەوەکانی تر (چاوپێکوتن لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەربیل، دەستەی کاگێری یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر، هەولێر، (٢٠١٨/١/٢٨).)، لەبەرئەوەی پێیان وابوە کە تەنها گرفت و کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. هەڵنەگرتنی چەك و دەستپێنەکردنی خەباتی چەکداریان بۆ ئەوە گەراندووەتەوە کەوا ئەوە «رێگریە دروستکراوانە لابەرن لەسەر رێگایان کە ناهێڵن بەشداری و نوێنەرایەتی سیاسی راستەقینەیان بکەن لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا لە عێراق، هەروەها بۆ ئەوەی بۆ دەستەڵاتی ناوەندی بسەلمێنن کە ئەوان بەشێکن لە گەلی عێراق و فەرمان لە دەرەوەی سنوور وەرناگرن» (منشورات الاعلام المركزي للجبهة التركمانية العراقية، م.س، ص٦.). پێیان وابووە ناتوانن خەباتی سیاسی هاوشێوەی پارتە کوردیەکان دەستپێبکەن.

هەندێك جار سروشتی چالاکیە سیاسیەکان دژ بە حکومەتی عێراق لە شێوازی کاری خوێندکاریدا بووە. لە سەرەتای حەفتاکاندا ژمارەیەك لە خوێندکارە تورکمانەکانی ناو زانکۆکانی عێراق چالاکی و کۆبوونەوەی نهێنیان ئەنجامدەدا. ئەسعەد ئەربیل لەو بارەوە دەڵێت کە ژمارەیەك لە خوێندکارانی تورکمان لە زانکۆی سلێمانی چالاکی نهێنیان ئەنجامدەدا، بەڵام بۆ دروستبوونی پارت سیاسی نەگۆرا. خوێندکارەکان لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ هەڵدەستان بە هەڵواسینی بلاوکراوەی دژ بە رژێم لە هەولێر و کەرکوك و تەلەعفەر، بەشداربووانی ئەو چالاکیانە بەگشتی هەشت کەس بوون لەژێر سەرپەرشتی رەزا دەمیرچی (رەزا دەمیرچی لە ساڵی ١٩٢٦ لە کەرکوك لەدایك بووە. دکتۆرای لە کشتوکاڵ بەدەستهێناوە. ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری قارداشلق بووە پاشان هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٦ دەستەی کارگێری یانەوی برایەتی تورکمان بوو. لەساڵی ١٩٨٠ لەسێدارەدرا. وليد شركه، صفحات مضيئة من تاريخ الشعب التركماني, اربيل، ٢٠٠٠، ص ٨-١٠.) چالاکیەکانیان ئەنجامدەدا. جۆرێکی تری چالاکیەکانیان خۆی دەبینیەوە لە کردنەوەی خولی نهێنی بۆ فێرکردنی زمانی تورکمانی بە نوسین بەپیتی لاتینی (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.).

سەرەرای ئەو چالاکیە سیاسیانەی سەرەوە، تورکمان ژمارەیەك هەوڵ لە شێوەی گروپی ناوچەیی و رێکخراو و کۆبوونەوەی خوێندکاری بە نهێنی لە هەولێر و بەغداد دەخەنەروو. لە ساڵی ١٩٦٨ لە رێکخراوێکی سیاسی تورکمانی سەرهەڵدەدا بەناوی «بزوتنەوەی تورکمانی پێشکەوتوخواز»، کە بە تەواوی لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە. ئەو کەسایەتیانەی رۆڵی سەرەکییان لە دروستبوونیدا هەبوو بریتیبوون لە عەبدولەتیف بەندەر اوغلو، خیرالله کازم داقوقلو، لەگەڵ تاریق عبدالباقی (صلاح الدين ناجي اوغلو، طوزخورماتو قديما و حديثا، طوز، ٢٠٠٥، ص٧٨-٧٩.). ئەم پارتە سیاسیە تەمەنی کورت بوو. پارتەکە بە مەبەستی بەشداریکردن لە بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز پێکهێنرا کە ژمارەیەك پارتی سیاسی عێراق لە خۆی گرتبوو، بەڵام ئەم بەرەیە بە زوویی هەڵوەشایەوە و پارتەکانیش پەرتەوازەبوون. بزوتنەوەی تورکمانی پێشکەوتوخواز تەمەنی سیاسی کورتخایەن بوو (د. صباح عبدالله كركوكلى، اعلام الصحافة التركمانية في العراق ١٩٠٠-٢٠٠٣، بغداد، ط١، ٢٠١٣، ص١٥٥.). ئەم پارتە تەنها ناوێکی سیاسیە لەو سەردەمەو هیچ چالاکیەکی سیاسی ئەنجامنەداوە.

لەبەرامبەر ئەو ژمارە هەوڵە تاکە کەسی و گروپە بچوکانەدا حکومەت رێوشوێنی توندی گرتوەتە بەر، بەتایبەتی ئەو جوڵانەوانەی کە زیاتر رەهەندێکی ناسیۆنالیستییان پێوەدیار بووە. پاش ئەوەی کە ژمارەیەك چالاکی تورکمان هەوڵ دەدەن کە گردبوونەوەیەکی سیاسی دروستبکەن، لە ساڵی ١٩٧٠ هێزە ئەمنیەکانی رژێم هەستان بە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی گرتن و رفاندن دژ بە تۆرێکی نهێنی کە بەپێی راگەیاندنی حکومەت هەوڵی کۆدێتایان دژی دەوڵەت داوە، تیایاندا ژمارەیەك کەسایەتی تورکمان هەبوون لەوانە نزامەدین عارف و ئەفسەر نەجدەت عەسکەر محمود کە هەردووکیان لە سێدارەدران (ارشد هرمزی، م.س، ص١١٣.). ئەم پرۆسەیە هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٣ بەردەوام بوو. رژێم بەبیانوی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دژ بە حکومەت بەشێك لە کەسە دیارەکانی یانەی برایەتی تورکمانی دەستگیر کرد و ژمارەیەکیشی لەسێدارەدا، کە

هەندێك سەرچاوە بە ٢٦ کەس ئەژماری دەکەن (محمود الشناوی، العراق التائه بين الطائفية و القومية،ط١، قاهرة، ٢٠١٢، ص١٧٠). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تورکمانەکان لەو سەردەمەدا بە تەواوی نە دژ بە سیستم بوون نە بەتەواوی لەگەڵ ڕژێم بوون، هەروەها حکومەت دڵنیا نەبوو لە نیەتی بێلایەنانەی تورکمان لەوکاتەدا، لەبەرئەوە هەمیشە لەهەر جوڵانەوەیەك و گردبوونەوەیەکی تورکمانی گومانی دروستدەکرد (ن.م، ص١٧٠-١٧١).

لە کۆتایی حەفتاکاندا سەرەتاکانی جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی لای تورکمان سەرهەڵدەدات و نزیکدەبێت لەوەی بگۆڕێت بۆ شێوازێك لە گردبوونەوەی سیاسی بەڵام ڕژێم لە بنەڕەتەوە سەرجەم هەوڵەکان شکستپێدێنێت. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٤دا ژمارەیەك لە چالاکوانانی تورکمان لەشاری بەغداد بە نیازبوون گردبوونەوەیەکی سیاسی دروست بکەن. هەریەکە لە دکتۆر ڕەزا دەمیرچی و عادل شەریف و محمد عزەت خەتات و چەند کەسایەتیەکی تر لە هەوڵدابوون بۆ سەرپێخستنی ڕێکخراوەکە (وليد شركة، م.س، ص٩-١٠). دەستەڵاتدارانی ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٩دا هەستان بە دەستگیرکردنی هەریەکە لە رشدی رشاد صالحی، عبدالله عبدالرحمن، دکتور ڕەزا دەمیرچی، دکتۆر نجدت قوجاق، لەگەڵ عادل شريف (بۆ زانیاری دەربارەی ژیانیان بڕوانە: وليد شركة، م.س، ص٣-١٥)، سەرجەمیان لە سەرۆك و دەستەی بەڕێوەبەرانی یانەی برایەتی تورکمان بوون (صبحی ساعتچی، م.س، ص٢٤٢)، کە چارەنوسیان نادیار بوو هەتاوەکو ڕۆژێك بەر لە لەسێدارەدانیان لە ١٩٨٠/١/١٦ (وليد شركة، م.س، ص٧). دکتۆر ڕەزا دەمیرچی بەر لە وادەی لە سێدارەدانیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد بوو، لەبەرئەوە ڕژێم هیچ بەیانێکی ڕەسمی لەبارەی چارەنوسیەوە ڕانەگەیاند و بە نهێنی مایەوە هەتاوەکو پاش ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرکەوت کە ڕژێم بە نهێنی لە گۆرستانێکی نزیك بەغداد بەخاکی سپاردبوو (صبحی ساعتچی، م.س، ص٢٤٢). دەستگیرکراوەکان لە کەسانی دیاری تورکمان بوون، ڕژێمی عێراق ترسی هەبووە کە ببنە کاکڵەی ڕێکخستنێکی سیاسی نهێنی تورکمانی لەبەرئەوە هەستاوە بە لەناوبردنیان.

جگەلەوەی کە حکومەتی عێراق ڕێگری کردووە لە دامەزراندنی پارتی سیاسی، تەنانەت بە توندیش ڕووبەڕووی بوونی نەتەوەییانەی تورکمانەکان بوەتەوە لە کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە تورکمانی لێبوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی تورکمان و زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان لە نەتەوەی عەرەب لەناوچەکە. لە ساڵی ١٩٨٤دا حکومەت قەدەغەی دەکات کە تورکمان و کورد مامەڵە بکەن بە خانووبەرە و زەوی نیشتەجێبوون، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٤١٨) لە (١٩٨٤/٤/٨) بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە سەرجەم دامودەزگا فەرمیە کارگێڕی و ئەمنیەتیەکان ئاگادارکراون کە کاری پێویستی لەبارەوە ئەنجامبدەن (عرفان کرکوکلی، التعايش السلمي بين الكرد و التركمان في مدينة كركوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ١٠، س٢، ٢٠٠٠، ص١٦٢). بەپێچەوانەوە بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەساڵی ١٩٨٦ هانی عەرەبەکانی پارێزگاکانی ناوەراست و خواروی عێراق دەدرێت کە نیشتەجێببن لە کەرکوك و ئاسانکاری کارگێڕی و ئەمنیەتیشیان بۆ دەکرێت (سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢١-٢٢٢). بەجۆرێك هەوڵدەدرێت کە پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە بگۆڕدرێت تەنانەت پارچە زەوی بە خۆرایی دەدرێت بەو عەرەبانەی دێنە شارەکەوە و هەروەها بڕی دە هەزار دیناری عێراقیشیان پێدەدرێت بە مەبەستی کارئاسانیکردن بۆ نیشتەجێبوون لە کەرکوك (عرفان كركوكلي، م.س، ص١٦٣-١٦٤). وەك دەردەکەوێت حکومەت بە بەرنامەیەکی ڕوون و بێ پێچ و پەنا هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی تورکمانەکانی داوە، لەبەرامبەر زیادکردنی ژمارەی نەتەوەی عەرەب لە شارەکە، لە پرۆسەیەکی بەردەوامی پاکتاوی ڕەگەزی لە شاری کەرکوك و دەوروبەری (سەبارەت بە پاکتاوی ڕەگەزی لە کەرکوك بڕوانە: جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکوك لە پاکتاوی ڕەگەزیەوە بۆ چارەسەر دەستوری، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨: محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا، سلێمانی، ٢٠٠٣: پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧، سلێمانی، ٢٠١٥).

سەرەڕای ئەو ڕێگریانەی باسکران، دەرکەوتنی بزاوتی سیاسی تورکمانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست. ڕێکخراوی دیموکراتییە نیشتمانییەکانی تورکمان کە لە سوریا دروستبووە، ئەکرێت وەك یەکەمین جوڵانەوەی سیاسی تورکمان لەقەڵەم بدرێت، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٧٧ پێکهات (محمد فاتح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٤٨). سەرەڕای ئەوە، ڕایەکی تر هەیە پێی وایە ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٠ بەسەرکردایەتی عزالدين قوجاوا (دەربارەی ژیانی ناوبراو بڕوانە: وليد شركة، م.س، ص ١٢-

١٤.) دروستبووە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە کاری سیاسی بەردەوام بوو(نشوء المؤسسات الترکمانیة ونموها www.bizturkmeniz.com).
کەسایەتیە دیارەکانی ناو ئەم جوڵانەوەیە هەر یەکە لە فازیل دامیرجی و محمد رەشید توزلو (کە لە رووداوەکانی ١٩٩٦/٨/٣١ لە هەولێر بێسەرو شوێن کرا) و محمد سعید کەتانە و ئایدن بەیاتلی حەسەن ئوزمەن بوون. یەکێك لە کارەکانی بریتیبوو لە بەشداری کردن لە بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جوقد) پاشان لێی کشایەوە (عزیز قادر الصمانجی، التاریـخ السیاسی ...، م.س، ص٢٠٦). ژمارەیەك لە سەرکردەکانی ئەم حیزبە دواتر بوون بە کاڵەی دروستبوونی پارتی نیشتمانی تورکمانی بەتایبەتی ئەوانەیان کەلە ئەنقەرە نیشتەجێبوون وەك ئایدن بەیاتلی. تەنانەت ئەم رێکخراوە بارەگای سەربازیشی لە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوەزەنگ کردەوە. لەساڵی ١٩٨٥ بە فەرمی سەرجەم کارەکانی وەستا (حسن اوزمن، الترکمان فی العراق و حقوق الانسان، ط٢، انقره، ٢٠٠٤، ص١٢٤.).
هادی حسن علیوی «پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراق» بە یەکەمین پارتی تورکمانی دادەنێت کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە دەرەوەی عێراق دروستبووە (هادی حسن علیوی، احزاب المعارضة السیاسیة فی العراق ١٩٦٨-٢٠٠٣، بغداد، د.س.ط، ص١٠١-١٠٢.). ئەم پارتە جوڵانەوەیەکی ناسیۆنالیستیە کار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی پەرلەمانی دیموکراتی لە عێراق دەکات. یەکەمین پێکهاتەی سیاسیە کە خەباتی لە دژی رژێمی بەعس بەرپا کردبێت. بەشدارییان کردووە لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق (ن.م، ص١٠٢.). لە سەرکردە دیارەکانی ئەم پارتە بریتین لە موزەفەر ئەرسلان, ریاز صاری کهیه, ئایدین بیاتلی و زیاد کوبرلو (نشوء المؤسسات الترکمانیة ونموها .www.bizturkmeniz com).
ئەوپارتانەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆکرا هەتاوەکو پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ چالاکیی سیاسییان بەشێوەیەکی رێکخراوی نابینرێت. بەڵام تورکمانەکان وەك هاوڵاتی تاراددەیەك بەشدارییان لە راپەریندا کرد. لەکاتی راپەریندا ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت شێوازی بەشداری کردنی تورکمانە لەو رووداوەدا. تورکمانەکان لە سەروبەندی راپەرینی ئازاری ١٩٩١دا زۆرینەیان لەناو کەرکوك مانەوە جگە لە هەندێك کە سەر بە رژێمی بەعس بوون و لە ترسان شارەکەیان چۆڵکرد. بەشێوەیەکی گشتی جەماوەری تورکمان خۆشحاڵ بوون بە ئازادکردنی شاری کەرکوك لەلایەن پێشمەرگەوە (محمد شاکەلی، کورد و تورکمان، هەولێر، ٢٠٠٦، لا٦٨-٦٩.). ژمارەیەك لە تورکمانەکانی هەولێر بەشداریی راپەرینینان کرد وەك هەوڵی تاکەکەسی و تەنانەت سەردانی کەرکوکیشیان کردبوو ئەوکاتەی کە ئازادکرابوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی، ٢٠١٧/٨/١٥ هەولێر.). لەبەرئەوە، پاش گەرانەوەی حکومەتی بەعس ژمارەیەکی بەرچاو لە تورکمانەکان کەوتنە بەر هێرشی تۆڵەی بەعس و سزادران (محمد شاکەلی، س.پ، ل٦٩.).
پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ سوپای عێراق لە شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری هەستا بە دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە دانیشتوانی شارۆچکەکە. بەشێك لەوانە نەتەوەی تورکمان بوون و پاشان لە سێدارە دران، ژمارەیەکیان تەمەنیان لەخوار هەژدە ساڵاناوە بوو. سەرچاوە تورکمانەکان ژمارەکە بە سەد کەس دەخەمڵێنن (اومید کوبرللو، الذکری (٢٦) للمجزرة التون کوبرو الرهیبة، مجلة اربیل، ع٢٣، ٢٠١٧، ص٣.). پاش ئەوەی کە سوپای عێراق دێنە ناو شارۆچکەکە لە گەرەکی سەدام (حی صدام) لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩٩١/٣/٢٨ (سعدون نورالدین کوبرلو، مجزرة التون کوبری الرهیبة، کرکوك، ٢٠١٥، ص ٢٠. )، کۆمەڵێك لە خەڵکی مەدەنی کۆدەکەنەوە و پێیان رادەگەیەنن کە تەنها بۆ ماوەیەك راپاندەگران و دواتر ئازادیان دەکەن، بەڵام، پاش کەمێك سەربازەکان کۆمەڵێك چەك دەهێنن و وای رادەگەیەنن کە چەکی ئەو هاوڵاتیانەن و دژی رژێم بەکاریانهێناون. لەدەرەنجامدا، بێ دادگاییکردن سەرجەمیان لەناودەبەن (سعدون نورالدین کوبرلو، فی ذکری مجزرة ألتون کوبرو الالیمة، مجلة اربیل، ع٢٣، ٢٠١٧، ص٥.).

## تەوەری دووەم/ پارتە ناسیۆنالیستیەکانی تورکمان هەتاوەکو دروستبوونی بەرەی تورکمانی:

ساڵی ١٩٩١ پاش راپەرین بە ساڵی دروستبوونی پارتی سیاسی تورکمانی دادەنرێت. زۆرینەی هەرە زۆری پارتە تورکمانیەکان لەو ساڵەدا دەستیان بە چالاکی و دامەزراندن کردووە. سێ ئاراستەی جیاواز لە پارتی سیاسی تورکمانی بەدی دەکرێت. ئاراستەی یەکەم پارتە ناسیۆنالیستە تورکمانیەکان کە زۆرینەی ئاراستەی سیاسی تورکمان لەسەر ئەم شێوازە دروستبوون و خاڵی گرنگی پێدانی ئەم توێژینەوەیەش دەبێت. پارتە سیاسیە شیعیەکان کە زیاتر لەناو پارتە سیاسیە عێراقیە شیعەکاندا خۆیان بینیوەتەوە. دوایین جۆر بریتیە لە ئەو پارتە سیاسیانەی کە هەمان بۆچون و بیرکردنەوەی پارتی کوردستانیان هەیە.

بەشێکی پێکهاتەی تورکمانەکان شیعە مەزهەبن و ئەمەش رۆڵی لە دەرکەوتنیان لەناو رێکخراوە سیاسیە شیعەکاندا هەبووە. یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق وەك پارتێکی ئیسلامی شیعە ساڵی ١٩٩١ و لە مانگی ئازار دروستبوو کە زیاتر سەر بە حیزبی دەعوەی عێراقی بوون. عەباس بەیاتی و جاسم محمد جەعفەر و نەشئەت ئەحمەد لە دامەزرێنەرانی حیزب دەژمێردرێن. ئەم پارتە سەرجەم چالاکیەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبی دەعوەدا ئەنجامداوە (نشوء المؤسسات التركمانية ونموها www.bizturkmeniz.com). عباس بەیاتی سەرەتا ئەندامی ئەنجومەنی گشتی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی بوو، دواتر بوو بە ئەندامی حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی مالیکی (محمود الشناوی، م.س، ص ١٣٠).

بارەگای لە مارەیەك شاری ئێران و هەروەها لە سوریاش هەیە. لە ئێران لە شارەکانی وەك شیراز و قوم و ئەسفەهان نوێنەرایەتی کردەوە و هەروەها لە هەولێریش بارەگای هەبوو (عزیز قادر الصمانجی، تاریـخ ...، م.س، ص ٢١١-٢١٢). هەفتنامەیەکی سیاسی بەناوی الدلیل بە زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی دەردەکات، لەگەڵ گۆڤارێك تایبەت بە خانمان بەناوی «ژنی موسڵمانی تورکمان». هەروەها رۆژنامەیەکیش بەناوی (سیدة النساء) (محمود الشناوی، م.س، ص ١٣١).

یەکێتی ئیسلامی تورکمانی چالاکی لەناو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە بە دیارکەوتوە. لە کۆنگرەی سەلاحەدین کە رێژەی ٦٪ درا بە تورکمان نیوەی بەر ئەم پارتە کەوت، نیوەکەی تری درا بە پارتی نیشتمانی تورکمانی. تێروانینیان دەربارەی عێراق بریتیبوو لە یەکێتی خاکی عێراق و پاراستنی سەروەری عێراق. بەڵام دەربارەی کەرکوك بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبوو. پێیان وایە کە دەبێت کەرکوك ببێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ و جیا لە دەستوەردانی هەر هەرێمێکی تر (م.ن, ص ١٣٠).

ساڵی ١٩٩٧ بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمانی عێراق دروستبوو بە سەرکردایەتی سامی دۆنمەز. سەرکردایەتی حیزبەکە دروستبوونی ئەم پارتە بۆ مێژوویەکی دورتر دەگێرنەوە. سامی دۆنمەز لەوبارەوە دەڵێت «ساڵی ١٩٨٠ بە نهێنی پارتەکە دروستبوو، بەڵام لەبەرئەوەی سەرکردەکانی لەلایەن رژێمەوە لەناوبران راگەیاندنی حیزبەکە بۆ ساڵی ١٩٩١ دواکەوت. دامەزرێنەرانی پارتەکە بریتین لە هەریەکە لە شێخ مەهدی ئیبراهیم کە بە یەکەمین سەرۆکی پارتەکە دادەنرێت، هەروەها علی وەهاب احمد، علی باقی، لەگەڵ حسن علی (تورکمن ایلی، ع ٥٦٨، (٢٠٠٣/٦/١)، ص٢). بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمان وەك پارتێکی سەربەخۆ و دیار پاش ساڵی ١٩٩٧ چالاکیەکانی دەردەکەون. ئەم پارتە جیاواز لە پارتە سیاسیە شیعیەکانی تر لەگەڵ دروستبوونیدا هەتاوەکو کۆتایی کۆنگرەی سێی بەرەی تورکمانی بەشێك بوو لە بەرەی تورکمانی و هەمان سیاسەتی بەرەی تورکمانی پەیرەو دەکرد، لەبەرئەوە سەرجەم چالاکیەکانی لەناو بەرەی تورکمانی دەبینرێنەوە (نشوء المؤسسات التركمانية ونموها www.bizturkmeniz.com).

پارتە تورکمانیە کوردستانیەکان، یان ئەو پارتانەی کە هاوسۆزی سیاسەتی پارتە کوردیەکان مێژووی دروستبوونیان بۆ پاش راپەرین دەگەڕێتەوە، بە هۆکاری دروتبوونی ناوچەیەکی ئارام لە هەرێمی کوردستان. پارتی یەکێتی و برایەتی تورکمان لە ساڵی ١٩٩١ دروستبوو. ئەم حیزبە لەلایەن هەر یەکە لە نەجمەدین سنەوبەر و وەلید شەریکەوە دامەزرا و پاش ماوەیەك لێکهەڵوەشا. پاشان لە مانگی مایسی ١٩٩٢ وەلید شەریکە حیزبێکی نوێی دروستکرد و ناوی نا پارتی برایەتی تورکمانی و خۆی بە سەرۆکی پارتەکە دیاریکرا. ئەم پارتە سیاسەتی هاوسۆزی و نزیکایەتی لەگەڵ پارتە کوردیەکان و پرسی کورد پەیرەو دەکات (ولید شركة، م.س، ص٦-١٠).

پارتی یەکێتی تورکمان کە لەلایەن ئەحمەد کونەش دامەزرا و لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩١ بارەگای کردەوە. پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤دا کە ریاز ساری کەهیە دەستیگرت بەسەر پارتی یەکێتی تورکمانی، ژمارەیەك سەرکردەی ناو پارتەکە جیابوونەوە پارتی یەکێتی تورکمانی عێراقیيان

دامەزراند، بەسەرکردایەتی سەیفەدین دەمیرچی ((نشوء المؤسسات التركمانية ونموها www.bizturkmeniz.com). بەهەمان شێوەی پارتەکەی وەلید شەریکە، پارتی یەکێتی تورکمانی نزیکایەتی سیاسی لەگەڵ پارتە کوردیەکان و پرسی کورد هەیە.

پارتەکانی تری تورکمان دەتوانرێت وەك پارتی ناسیۆنالیستی هەژمار بکرێن کە زۆرینەی پارتە سیاسیە تورکمانیەکان پێکدەهێنن. مێژووی دروستبوونیان دەیەیەك لە مێژووی دروستبوونی پارتەکانی تری تورکمان بەشێوەیەکی گشتی دێرینترە (لە تەوەری یەکەمدا سەرەتاکانی دروستبوونی پارتەکان ئاماژەی بۆ کراوە). بەشێوەیەکی گشتی سێ پارتی ناسیۆنالیستی لەناو پارتە تورکمانیەکاندا چالاکیی سیاسیان هەبووە ئەوانیش بریتین لە پارتی تورکمان ئیلی، پارتی نیشتمانی تورکمانی، لەگەڵ بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن.

پارتی تورکمان ئیلی لەناو هەناوی پارتی یەکێتی تورکمان هاتە بوون. پارتی یەکێتی تورکمانی لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ریاز صاری کهیە دەستی بەسەردا گرت و بوو بە کەسی یەکەمی حیزب، هەوڵیدا کە ناوی پارتەکە بگۆرێت. سەرەنجام ناوی پارتەکە لە بەرواری ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ بە حیزبی تورکمان ایلی گۆڕا (نشوء المؤسسات التركمانية ونموها www.bizturkmeniz.com). لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٤دا پێشنیاری گۆڕینی ناوی حیزب کرا و زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوون لەوانە ریاز ساری کەهیە (عزيز قادر الصمانجي، تاريخ...، م.س، ٢١٣.)، بەڵام ژمارەیەکیان گۆڕینی ناویان پێ باش نەبوو نێویاندا سەرۆکی پارت کە احمد کونەش بوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی تورکمان ئیلی و بەرپرسی لقی هەولێر، (٢٠١٨/٧/١٤).). لەکاتی دروستبوونی بەرەی تورکمانیدا، یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی بەرە بوو.

پارتی تورکمان ایلی پاش ئەوەی لەگەڵ بەرەی تورکمانی گرفتی بۆ دروستبوو، بارەگای سەرەکییان گواستەوە بۆ دهۆك، پاش ئەوەی کە کۆنگرەی دووەمیان لە ساڵی ١٩٩٦دا گرێدا. تورکمان ایلی کۆمەڵێك گرفتی هەبوو لەگەڵ بەرەی تورکمانی و بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، بە مەبەستی زیادکرنی هەیمەنەی سیاسی بەسەر دامەزراوەکانی بەرەدا (الصمانجي، التاريخ..، م.س، ص ٢١٤.). بارودۆخی ناکۆکی نێوان پارتەکانی تورکمانی پەرەیسەند بۆ روبەروبونەوەی چەکداری و زیانی گیانیشی لێکەوتەوە. کە ئەمەش نمونەیەکی نوێ بوو لە کار و پەیوەندی سیاسی نێوان پارتە تورکمانیەکان چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار ئالتی پارماخ، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٦).).

جگە لەوەش، پارتی تورکمان ایلی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە حاڵەتێکی ناجێگیریدا بووە. ژمارەیەك لە بارەگاکانی ئەو پارتە لەلایەن ئاسایشەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دادەخرێن. بەرپرس و ئەندامانی باڵایان رۆژێك بەر لە رووداوەکە بارەگاکانیان چۆڵکردبوو. پاش ساڵی ٢٠٠٠ کە گرفتیان لەگەڵ پارتی بۆ دروستبوو، سەرکردایەتی حیزبەکە گۆڕان و ریاز صاری کەهیە وەك سەرۆکی پارتەکە نەما و کارکردنی سیاسیشی لەناو هەولێر لێ قەدەغەکرا و بۆ ماوەیەکی کاتی دەستگیریش کرابوو (تورکمن ایلی، ع ٢٤٤، (٢٠٠٠/٣/٢٩)، ص١-٢.). کارەکانی حیزب درا بە سەیاح کورەچی وەك جێگری سەرۆك بە وەکالەت (تورکمن ایلی، ع ٢٤٨، (٢٠٠٠/٤/١٢)، ص١.). هەتاوەکو ٢٠٠٣ نەوزاد تەیمور سەرۆکی پارتەکە بوو (تورکمن ایلی، ع ٥٨٠، ص٢.). ساڵی ١٩٩٥ و پاش دروستبوونی بەرەی تورکمانی بوون بە بەشێك لە بەرەی تورکمانی.

دووەمین پارتی ناسیۆنالیستی تورکمانی بریتیە لە پارتی نیشتمانی تورکمانی، هەرچەندە ناوەکەی «نیشتمانیە» بەڵام بە کرداریی یەکێك بووە لە پارتە نەتەوەییەکان. پارتی نیشتمانی تورکمانی یەکێکە لە دێرینترین پارتە تورکمانیەکان کە هەمان ناوی هەبووە و گۆرانکاری تیادا نەکراوە. راگەیاندنی فەرمی حیزب (پارتی نیشتمانی تورکمانی)، سەرەتای دروستبوونیان بۆ کۆتایی حەفتاکان و بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێنێتەوە. بیرۆکەی دامەزراندنی حیزب لە لایەن دکتۆر نەجدەت قوجاق خرایە روو. بەڵام لە هەمان ساڵدا ناوبراو لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی پارتی سیاسی لە دژی رژێم لەسێدارە دەدرێت. راگەیاندنی حیزبەکە دواکەوت بۆ ١٩٨٨/١١/١١. پاش ئەوە، بریاردرا کە حیزبەکە پێکبهێنرێت بەنهێنی بە سەرکردایەتی دکتۆر موزەفە ئەرسەلان (باريش البياتي، الحزب الوطني التركماني العراق مسيرة نضالية مظفرة و عطاء دائم لا ينضب، ترکمن ایلی، ع١٣، (١٩٩٥/١١/١٥)، ص٣.). پێکهێنەرانی پارتی نیشتمانی تورکمانی بریتیبوون لە موزەفەر ئەرسەلان، ریاز ساری کەهیە، زیاد کوبرلو، لەگەڵ ئایدن بەیاتلی. سەرەتای کۆبوونەوەکانیان لە ئەنقەرە بوو. شوێنی کۆبونەوەکان لە نۆرینگەی

دکتۆر ئایدن بەیاتلی بوو، لەبەرئەوەی تورکیا ڕێگەی نەدەدا و هاوکاری نەدەکردن بۆ کردنەوەی بارەگا (لقاء مع ریاض صاری کهیه، رئیس حزب تورکمن ایلی: http://turkmentribune.com) . دواتر بارودۆخی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هات و کێشەی کوەیت بۆ عێراق دروستبوو. حکومەتی عێراقی دووچاری شکستی گەورە بووەوە و ڕاپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد.ئەو ڕووداوانە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە پارتەکە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لەوێوە کاری سیاسی دەستپێبکات.

پاش ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ هەستان بە کردنەوەی بارەگای حیزب لە شاری شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٩١ و دواتر گواستیانەوە بۆ هەولێر هەتاوەکو ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ (باریش البیاتی، م.س، ص٣). پارتی نیشتمانی تورکمانی لە تاراوگە، تورکیا، دوو کۆنگرەی بەست، لە ساڵی ١٩٩١ و ساڵی ١٩٩٣ کە تیایدا گرفتی هاتنەوە بۆ ناو کوردستان گەڵاڵە دەبێت بەشێکی سەرکردەکانیان ئامادە نابن بێنەوە کوردستان، بەڵام بەشێکیان دێنەوە ناو کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ دەبن وەك صاری کەهیە (لەپاش ساڵی ١٩٩٣ ڕیاز ساری کەهیە دەچێتە ناو پارتی یەکێتی تورکمان) و موستەفا کەمال یایچەلی. ئەم گۆڕانکارییە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی گرفت لە سەرۆکایەتی حیزبەکە. موستەفا کەمال یایچەلی لەبەرئەوەی لە کوردستان دەبێت و زۆرینەی ئەندامانیان لە هەولێر دەبن، بەسەرۆکی پارتەکەی هەڵدەبژێرن و موزەفەر ئەرسەلان وەلادەنێن (نشوء المؤسسات الترکمانیة ونموها www.bizturkmeniz.com). لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٨ یشدا دووبارە بە سەرۆك هەڵبژێردرایەوە (تورکمن ایلی، ع٨١، (١/٧/١٩٩٨)، ص١).

لە ساڵی ١٩٩٦ کاتێك گرفتەکانی ناو بەرەی تورکمانی پەرەدەسێنێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری و گیانلەدەستدانی چەند کەسێکی لێدەکەوێتەوە، پارتی نیشتمانی تورکمانی کە بەشێك لە کەسایەتیەکانیان لە تورکیا دەبن، لە لایەن حکومەتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێن و ڕێگری هاتنەوەیان لیدەکرێت بۆ کوردستان. لەوکاتەدا سەرکردایەتی پارتەکە داوا لە ئۆجاغی تورکمانی هەولێر دەکەن بۆ ئەوەی بێنە ناو پارتی نیشتمانی تورکمانی بۆئەوەی پارتەکە لەکاری سیاسی بەردەوام بێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.). پاش ڕازی بوونی ئۆجاغی هەولێر، کۆنگرە دەبەسترێت و موستەفا کەمال یایچەلی دەکەنەوە بە سەرۆکی پارتەکە و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکە سەرجەمیان لە ئۆجاغ دەبن و خودی ویداد ئەرسەلان دەبێت بە جێگری سەرۆکی حیزب. پاش ئەم قۆناغە یانەی برایەتی تورکمانی هەولێر دێنە ناو بەرەی تورکمانی (چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عبدالکریم مەلا ئۆغلو، جێگری سەرۆکی ئۆجاغی تورکمان/هەولێر، هەولێر، ٢٧/١/٢٠١٩.).

پارتی نیشتمانی تورکمان پێی وایە کە عێراقی داهاتوو پێویستە لەسەر بنەمای ویلایات دروستبکرێتەوە. ویلایەتێکی تایبەت بە تورکمان لەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە دروستبکرێت. لە بارودۆخێکدا ئەگەر دەوڵەتی داهاتوی عێراق لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفی بنیاتبنرێت، پێویستە کە هەرێمێکی فیدراڵی لەو ناوچانەی کە تورکمانی لێ نیشتەجێیە تایبەت بە تورکمان پێکبهێنرێت (باریش البیاتی، م.س، ص٣).

یەکێکی تر لە پارتە ناسیۆنالیستە سیاسیەکانی تری تورکمان بریتیە لە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن. ئەم بزوتنەوەیە لە سەروبەندی گفتوگۆکان بۆ دروستبوونی بەرەی تورکمانی هاتە بوون. سەرکردایەتی و کادیرەکانی بە گشتی لە هەولێریەکان پێکدێت. بزوتنەوەکە لەساڵی ١٩٩٤ بەسەرکردایەتی فەرید چەلەبی لە هەولێر دامەزرا. لە کادیرە دیارەکانی بریتیبوون لە کەنعان شاکر کە پاش فەرید چەلەبی وەك سەرۆکی بزوتنەوەکە هەڵبژێردرا و هەروەها محمود احمد، فوئاد ئۆتراقچی، تەلعەت خەفاف، کە تەنها تورکمانی هەولێر بوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر، سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، هەولێر، (١٦/١/٢٠١٨).). ڕاگەیاندنی پارتەکە بە فەرمی دەکەوێتە بەرواری ١١/٦/١٩٩٥، بەر لەو بەروارە وەك کوتلەی سەربەخۆکان لەناو بەرەدا کاری کردووە و تەنانەت سەرکردەکانیان لە دامەزرێنەرانی بەرەی تورکمانین. کوتلەی بێلایەنەکان لەناو بەرەدا لە دوو بەش پێکدەهاتن، بەشێکیان ئەوانەبوون کەلەناو پارتە تورکمانیەکانی تردا بوون و وازیانهێنا بوو، بەشەکەی تریان پێشتر لە هیچ پارتێکی سیاسی تورکمان ئەندام نەبوون. پاش کۆمەڵێك کۆبوونەوە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن دامەزرا (سرود العزیزی، حرکة المستقلین من الترکمان و عام من المسیرة النضالیة، تورکمن ایلی، ع٢٧، (١/٦/١٩٩٦)، ص٣.). ئەم پارتە لەوکاتەدا بە نهێنی پەیوەندیان لەگەڵ کەرکوك و تەلەعفەریش هەبووە. هەتاوەکو ٣٠/٧/١٩٩٧ فەرید چەلەبی وەك سەرۆکی بزوتنەوەکە مایەوە، دواتر کەنعان شاکر کرا بە سەرۆکی بزوتنەوەکە لە کۆنگرەدا لە ٣/٩/١٩٩٧ و بەیەکەم کۆنگرەی پارتەکە دادەنرێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر.).

لەگەڵ دروستبوونی پارتەکەدا بەماوەیەك گرفتی ناوخۆیی دروستدەبێت لەنێوان سەرۆکی بزوتنەوەکە و گروپێك لە سەرکردایەتی (فەرید چلبی،

سەلاح رشید، محمود احمد) دژ بە گروپێکی تری ناوحیزب بە سەرکردایەتی کەنعان شاکر و بەشێکی تری کادیرانی پارتەکە، دواجار لە کۆنگرەدا کەنعان شاکر وەك سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا (نص البیان الختامی للمؤتمر الاول لحرکة الترکمان المستقلین ١٩٩٧/٩/٦، تورکمن الی، ع٤٤، (١٩٩٧/٩/١٦)، ص٣.). هۆکارەکانی ئەو ناکۆکیە بریتیبوو لە نارۆشنی لە لایەنی داراییو هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی حیزب. لەوەش زیاتر ئەوەی کە هۆکاری زۆر دیاربوو بریتیبوو لە دەرەنجامی هێرشی سوپای عێراق بۆ ناو شاری هەولێر لە ١٩٩٦/٨/٣١، کە ژمارەیەك لە ئەندامانی بزوتنەوەکە دەستگیرکران و دواتر لەلایەن سوپای عێراقەوە لەناوبران. لەو رووداوەدا ناکۆکی کەوتە ناو پارتەکەوەو سەرکردایەتیی پارتەکە بە کەمتەرخەم لەقەڵەم دران (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر.). کەنعان شاکر دەڵێت کە پاش ئەو رووداوە، ئەمان هەستان بە ئەنجامدانی «حرکە التصحیحیە» لەسەر ئەولایەنەی کە کەمتەرخەمبوون و لە سەرکردایەتی حیزب لایاندان. ئەوانەی لابران بریتیبوون لە فەرید چەلەبی، محمود احمد، فوئاد چخماخچی. ئەو سەرکردانەی حیزب بەبێ ئاگاداری هەستان بە جێهێشتنی ووڵات و بەرەو تورکیا (هەڵاتن) سەفەریان کرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەیاح کورەچی، دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، (٢٠١٨/٧/١٥)، هەولێر.).

بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن لە راگەیەنراوێکدا سەرکردایەتی نوێ رادەگەیەنێت بەر لە کۆنگرەی پارتەکە و بەڵام بەڵێنی بەستنی کۆنگرە دەدات. سەرکردایەتی نوێی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن پێکهاتبوون لە: کەنعان شاکر سەرۆکی بەرە، سیاح کورەچی جێگری سەرۆك، لەگەڵ دە کەسی تر وەك ئەندامانی سەرکردایەتی کە بریتیبوون لە شێرزدا ئاغالی، جمال عساف، جودت عبداللە، سالم اوتراقچی، واجد شجاع الدین، سید تەڵعەت، کرخی ئاڵتی پارماخ، احسان دمیرچی، عبداللە بکر، لەگەڵ تحسین شاکر علی (اعلان قیادة جدیدة لحرکة الترکمان المستقلین، تورکمن الی، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.). ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لابردنی فەرید چلبی و هاوکارەکانی لەناو کۆنگرەدا نەبووە و بەر لە کۆنگرە بە بڕیاری زۆرینەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن لابراون و دواتر سەرکردە کەنارخراوەکان تەنانەت بەشداری کۆنگرەشیان نەکردووە.

جیا لە جێهێشتنی بزوتنەوەکە لەلایەن فەرید چلبی و هەروەها رۆشتنی سنان چلبی لە پاش روداوەکانی ٣١ی ئاب، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن گرفتی هەبوو لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانی تورکمانی و رووبەرووبوونەوەی لێکەوتەوە. هۆکارێکی لاوازی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە لەلایەن ئەو بەشەی تری سەرکردایەتی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بریتیبوو لە هەوڵدان بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی بزوتنەوەکە لەگەڵ پارتەکانی تری بەرەی تورکمانی بەتایبەتی پارتی نیشتمانی تورکمانی. لەمیانەیەدا، موستەفا کمال یایچلی سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی و سەرۆکی بەرەی تورکمانی بە وەکالەت لە شوێنی سنان چلبی دەڵێت: «ئێمە گرفتمان لەگەڵ بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن هەبووە، راستتر لەگەڵ بنەماڵەیەکی ناو بزوتنەوەکە، ئێستا کە ئەوان نەماون لە سەرکردایەتی هیچ گرفتێکمان لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیەدا نیە.» (اللقاء الصحفی مع السید مصطفی کمال یایجلی رئیس الجبهة الترکمانیة وکالة و رئیس الحزب الوطنی الترکمانی، تورکمن الی، ع٤٣، (١٩٩٧/٩/١)، ص٢.). بزوتنەوەکە هەتاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ وەك یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی بەرەی تورکمانی مایەوە و هەمان سیاسەتی بەرەی پەیرەو دەکرد.

## تەوەری سێیەم/ دروستبوونی بەرەی تورکمانی ١٩٩٥-١٩٩٧:

دوایین قۆناغی پەرەسەندنی ناسیۆنالیستی تورکمانی لە دروستبوونی بەرەی تورکمانیدا خۆیدەبینێتەوە. سەرەتای دروستبونی بەرەی تورکمانی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامی چەند کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتی پارتە سیاسی و رێکخراوە مەدەنی و کولتوریەکان و کەسانی دیاری تورکمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق بەگشتی. کۆبوونەوەکانی پێکهێنانی بەرەیەك بۆ گرتنەخۆی تورکمانەکانی عێراق لە کۆماری تورکیا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی تورکیا ئەنجامدەدران. پاش ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لە تورکیا و لە هەولێر لەنێوان پارتە سیاسیە تورکمانیەکان بەرەی تورکمانی پێکهات. پارتەکانی ناو بەرە پێکهاتبوون لە (پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراق، حیزبی تورکمان ایلی، بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، یانەی برایەتی تورکمانی- هەولێر). سعدالدین ارکیچ وەك سەرۆکی ئەنجومەنی تورکمانی لەنێوان پارتەکانی بەرەدا هەڵبژێردرا. کەسایەتیە دیارەکانی بەرە بریتیبوون لە تورهان کتانە، سنان چلبی، وداد ارسلان، صنعان قصاب، و چەند کەسایەتیەکی تر (محمد فاتح، حیزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٤٥-١٤٧.). یانەی برایەتی تورکمانی هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٧ نەهاتە ناو بەرەی تورکمانی و نەبوو

بە بەشێك لە بەرەی توركمانی (چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل. ).

لە گفتوگۆكانی پێكهێنانی بەرەی توركمانیدا، یانەی برایەتی توركمان لە هەولێر بەشدار بوو، بەڵام بەهۆی راجیایی لەسەر سەرۆكایەتی كردن كشانەوە و نەبوون بە یەكێك لە پێكهێنەرانی بەرە. نوێنەری یانەی برایەتی توركمان بریتبوو لە سەنعان قەساب كە سەرۆكی یانەش بوو لە هەمان كاتدا و تەنها خۆی وەك نوێنەر لە گفتوگۆكاندا بەشدار دەبوو(هـ.س.).

بەرەی توركمانی بە فەرمی لە ١٩٩٥/٤/٢٤ پێكهات (توركمن ایلی، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص١؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف، ٢٠١٧/٨/١٥). هەروەك لە بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەدا هاتوە كە «پارتی نیشتمانی توركمانی و پارتی یەكێتی توركمانی (پارتی توركمان ئیلی) رۆڵی كاریگەریان هەبووە لە دامەزراندنیدا، بە هاوكاری و بەشداری دامەزراوە میلیەكان و رێكخراوە توركمانی و كەسایەتیە دیارەكانی توركمان.» (نص بیان اعلان تأسیس الجبهة التركمانیة، توركمن ایلی، ع٦ (١٩٩٥/٨/١)، ص٢). بەیاننامەكە لەلایەن دكتۆر تورهان كتانە سەرۆكی بەرە، لە تەلەفزیۆنی توركمن ایلی لە شاری هەولێر پەخشكرا، خوێندرایەوە. لە بەیاننامەی دامەزراندندا هۆكارەكانی دامەزراندنی بەرەی توركمانی خراوەتە روو كە خۆی دەبینێتەوە لە «ئەو بارودۆخە ناهەموارەی كە نەتەوەی سێیەم لە عێراقدا دووچاری بووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە. لە دەرەنجامی ئەو ململانێ سیاسیە دورودرێژەی لە ناوچەكەدا رویداوە لەنێوان لایەنە بەشەرهاتوەكاندا، گەلی توركمانی دووچاری مەترسی لەناوچوون كردوەتەوە. ئەو بارودۆخە هێزە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی توركمانی ناچاركرد كە بیربكەنەوە لە دامەزراندنی بەرەیەك كە بتوانێت نوێنەرایەتیان بكات و بەرگری لە مافەكانیان بكات، لەبەرئەوە بەرەی توركمانیان دروستكرد.» (ن.م.). وەك دەردەكەوێت لە بەیاننامەكەوە بەرەی توركمانی وەك حیزب دانەمەزراوە، بەڵكو لە ناوەكەیەوە دەردەكەوێت كە ئەنجومەنێك بووە بۆ كۆكردنەوەی سەرجەم هێزە توركمانیەكان. تەنانەت ناوی بەرە پاشگری عێراقیشی پێوەنەبووە هەروەك لە بەیاننامەكە دەردەكەوێت كە نەنوسراوە «بەرەی توركمانی عێراق»، بەڵكو تەنها نوسراوە «بەرەی توركمانی».

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بكرێت رۆڵی توركیایە لە دروستبوونی بەرەی توركمانی. ژمارەیەك بۆچوون لەسەر رۆڵی توركیا لە دروستبوونی بەرە بەدی دەكرێت. لەوەش زیاتر، هیچ رایەك نیە كە باس لە بێ رۆڵی توركیا لەو بابەتەدا بكات. توركیا پێگەیەكی گرنگی لە گفتوگۆكان و دروستبوون و تەنانەت ئاراستەكردنی بەرەی توركمانیشدا هەبووە. ریاز ساری كەهیە كە سەرۆكی پارتی توركمان ئیلی یە لەو بارەوە دەڵێت «توركیا هەمیشە وای بە باش زانیوە كە كەسانی بێلایەن سەرۆكایەتی بەرەی توركمانی بكەن، نەك كەسانی حیزبی» (نشوء المؤسسات التركمانیة ونموها www.bizturkmeniz.com). ئەگەر تەماشایەكی سەرۆكەكانی بەرە بكەین لە دروستبوونیەوە هەتاوەكو ٢٠٠٥ كە بوو بە حیزبێكی جیاواز، هیچكام لە سەركردەكانی سەرۆكی حیزب نەبوون، ئەمە دەریدەخات كە توركیا تەنانەت رۆڵی لە دانانی سەرۆكەكانیشدا هەبووە. لەوەش زیاتر، رۆڵی توركیا زۆر قووڵتر بووە لەوەی تەنها سەرۆكی بەرە دیاریبكات، بەڵكو تەنانەت سەرۆكی كردارییی سەرجەم فەرمانگەكانی بەرە كەسانی تورك بوون (چاوپێكەوتن لەگەڵ حسام حەسرەت، دەستەی كارگێری یانەی برایەتی توركمان و سەرنوسەری رۆژنامەی توركمان ئیلی بۆ ماوەی چوار ساڵ ١٩٩٧-٢٠٠٠. چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستا عبدالكریم جێگری سەرۆكی ئۆجاغی توركمان/هەولێر، ٢٠١٩/١/٢٧). هەتاوەكو رووداوەكانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دۆسێی بەرەی توركمانی لای دەزگای هەواڵگری توركیا (میت) بووە. پاش ئەوبەرواره دۆسیەكە گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری و عەسكەر دۆسییەكەیان وەرگرتووە (چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ یەشار ئالتی پارماخ).

راستەوخۆ پاش راگەیاندنی بەرەی توركمانی، دامەزراوەكانی سەر بە بەرە رادەگەیەنرێن كە وەك لایەنی جێبەجێكار لەناو بەرەدا كاریان دەكرد و لەلایەن سەرۆكی بەرەوە سەرۆكایەتی دەكران، ئەو دامەزراوانەش بریتیبوون لە: فەرمانگەی سیاسی و پەیوەندیە دەرەكیەكان، فەرمانگەی پلاندانان و لێكۆڵینەوە، فەرمانگەی كاروباری كۆمەڵایەتی و تەندروستی و هاوكاریەكان، فەرمانگەی كارگێری و ماف و دارایی، فەرمانگەی پەروەردە و رۆشنبیری، لەگەڵ فەرمانگەی پاسەوانی (بەرگری) بەمجۆرە بەرەی توركمانی خاوەنی شەش فەرمانگە بوو (تصریح مناضل سبزەجی اوغلو عضو المجلس التنفیذی للجبهة التركمانیة، توركمن ایلی، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص٢.).

فەرمانگەی پاسەوانی كە هێزی چەكدار بوون، بەرەی توركمانی رایدەگەیاند كە تەنها بۆ پاراستنی بارەگاكانیان پێكهاتوون. تێڕوانین لەناو بەرە هەبوو كە بكرێن بە هێزێكی گەورەی چەكدار بۆ بەهێزكردنی پێگەی سیاسی توركمان لەناوچەكە. یەكێك لە ئەفسەرەكانی سوپای عێراق

کە تورکمان بوو، وەك خۆی باسی دەکات داوای دروستکردنی یەکەیەکی سەربازی پیادەی کردووە لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە وەك هێزی پێشمەرگەی هێزە کوردیەکان کە ژمارەیان نزیکەی (١٥٠٠) چەکدار بێت، پێك بهێنن (عزیز قادر الصمانجی، قطار المعارضه العراقیة من بیروت ١٩٩١ الی بغداد ٢٠٠٣، ط١، لندن، ٢٠٠٩، ص ١٦٧-١٦٨.)، بەڵام ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوەی تورکمانەکان توانای کۆکردنەوەی ژمارەیەکی بەو رێژەیان نەبوو.

ئاڵای بەرەی تورکمانی پێکهاتووە لە باگراوندێکی رەنگ شینی کراوە و مانگێکی سپی کە بە شەش ئەستێرە نەخشێنراوە. بەپێی شیکردنەوەی فەرمی بەرەی تورکمانی بۆ ئاڵاکەیان: رەنگی شین بریتیە لە پاکێتی و بێگەردی و ئاشتیی گەلی تورکمان (الاعلام المرکزی للجبهة الترکمانیة العراقیة، الجبهة الترکمانیة العراقیة مشروعیتها و استراتیجیتها، اربیل، ع١٤، ٢٠٠١، ص٩). مانگە سپیەکە گوزارشت دەکات لە ئاینی ئیسلام کە باپیرانی تورکمان رۆڵیان هەبوە لە بەرزکردنەوەی ئاڵاکەی. شەش ئەستێرەکە تەعبیرە بۆ شەش دەستەڵاتداریتی تورکمان کە حوکمی عێراقیان کردووە، وەك سەلجوق، جەلائیری، قەرەقۆینلۆ، ئاق قۆینلۆ، سەفەوی، لەگەڵ عوسمانی (ن.م.). ئاماژەدان بەو شەش سەردەمەی حوکمرانی ناوچەکە لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە بریتیە لەوەی کە تورکمان پێیان وابوە ئەوان لەپێشترن بۆ حوکمرانی لە عێراقدا، هەروەها عێراق بوونی ئەوانیش دەسەلمێنێت. جگەلەوەش، ئاماژەیە بۆ خۆبەستنەوە بە نیشتمانێکی گەورەتر لە عێراق کە سەرجەم ناوچە تورکیەکان لە دەرەوەی عێراق دەگرێتەوە. لەو گۆشەنیگایەوە دەردەکەوێت کە شتێك بەناوی کوردستان هەر لە بنەرەتەوە لە سیاسەتی بەرەی تورکمانیدا بوونی نەبووە.

ئامانجەکانیان بریتیە لە دروشمی بەدیهێنانی یەکێتی خاك و گەلی عێراق، کارکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە عێراق. دوو پارێزگا بۆ تورکمانەکان دروستبکرێت لە تەلەعفەر و دووز (محمد فاتیح، س.پ، ل١٤٧.). باوەڕیان بە کوردستانی بوونی کەرکوك نیە و پێیان وایە شارێکی تورکمانیەو سەر بە عێراقە. کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تورکمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و کەرکوك (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف.). سەرەرای ئەوەش، هەرگیز بە فەرمی دانیان بە هەرێمی کورستان و حکومەتی هەرێمی کوردستادا نەناوە، تەنانەت ناوی باشوری کوردستانیان نەبردووە و هەمیشە لە لێدوانەکانیاندا باکوری عێراق یان «ئیدارەی محەلی» یان بەکارهێناوە. ئەم تێروانینە لەسەرجەم کۆبوونەوە و بەشدارییە سیاسیەکانی بەرەدا جەختی لێکراوەتەوە (بروانە: ژمارەکانی رۆژنامەی تورکمان ئیلی زمانحاڵی بەرەی تورکمانی هەر لەسەرەتای دەرچونیەوە.).

لە رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بەرەی تورکمانی یەکێك بوو لەو لایەنانەی کە زیانی گیانی بەرکەوت. گێڕانەوەکان دەربارەی ئەوەی پەیوەستە بە زیانی لایەنە تورکمانیەکان جیاوازە، رایەك وای بۆ دەچێت کەوا ژمارەی ئەوانەی لەو رووداوانەدا کوژراون زیاتر لە ٢٠٠ هاوڵاتی دەبن (عباس تورکمن کرکوکلی، الحرس الجمهوری العراق فی اربیل العام ١٩٩٦ عملیات أب المتوکل علی الله بشمال الوطن رؤیه شاهد عیان، جریدة القلعة، ع٣٢١، (٢/٨/٢٠١٠)، ص٢). کەنعان شاکر دەڵێت کە ٢٩ کەسیان گیراون لەو ژمارەیە سیانیان لە سێدارە دراون (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر.). بزوتنەوەی تورکمانی نیشتمانی- دیموکراتی بە سەرکردایەتی عزیز قادر صەمانجی بەیانامەیەکیان دەربارەی رووداوەکە دەرکرد. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە (٢٨) هاوڵاتی دەستگیر کراون (الصمانجی، قطار...، م.س، ص٦٠٢.)، هەرچەندە ئەم پارتە سیاسیە بارەگای لە هەرێم نەبووە بەڵام ژمارەکانی نزیکن لەو ژمارەیەی بەرەی تورکمانی بەفەرمی رایگەیاندبوو. سەرەڕای ئەوە، رۆژنامەی تورکمن ایلی زمانحاڵی بەرەی تورکمانی لە دووەمین ساڵیادی رووداوەکانی دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان لە ١٩٩٦/٩/٢ لیستێکی بە ناوی بیست هاوڵاتی بڵاوکردەوە کە رایانگەیاند ئەوکەسانە لە رووداوەکانی پاش ٣١ی ئاب دەستگیرکراون. دوو لە دەستگیرکراوەکان بەناوەکانی علی عبداللە یایجلی، احمد نورالدین حسین کە لەدایکبووی کەرکوکن بەپێی لیستەکە لەلایەن رژێمی بەعس کوژراون (قائمة باسماء الترکمان الذین اعتقلوا فی ٢ ایلول ١٩٩٦، تورکمن ایلی، ع٩٠، (١٩٩٨/٩/٢)، ص٣.). دەستگیرکراون لە زۆربەی حیزبەکانی ناو بەرەی تورکمانی بوون، دوو کەس لەوانە سەر بە بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن و حەوت کەسیان ئەندامی پارتی نیشتمانی تورکمانی بوون و هەروەها چوار لە دەستگیرکراوان لە حیزبی تورکمن ایلی بوون، ئەوانی تریان لە فەرمانگەکانی سەر بە بەرەی تورکمانی بوون (ن.م.).

پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و ئەو بارودۆخە تازەیەی روو لە شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان دەکات بەگشتی، بارودۆخی ناوخۆیی بەرەی تورکمانیش گرفتی بۆ دروستدەبێت. پاش بەشداریکردنی بەرە و بەتایبەتی سنان چەلەبی لە گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی و پارتی لە ئەنقەرە

(كوردستانی نوێ، ژ ١٣٧٦، (١٩٩٧/١/٤)، ل٢.) و ڕۆشتنی سنان چەلەبی و ژمارەیەك لە سەركردەكانی بەرە بۆ توركیا گرفتەكان سەرهەڵدەدەن لەناو بەرەی توركمانی. لەماوەی ساڵێكی كارەكانی بەرەی توركمانیدا، لە ڕووی فەرمی و دەركەوتنی فەرمیانەی بەرەوە تەنها چەند كەسایەتیەك دەبینرێن لە ڕاگەیاندنە فەرمیەكانی بەرەوە دەردەكەون كە ئەوانیش بریتین لە سنان چەلەبی و محمود احمد ئەندامی دەستەی ڕاپەراندنی بەرە (بڕوانە: توركمن ایلی، ع ٣٥، (١٩٩٧/١/١٩)، ص ١-٢؛ توركمن ایلی، ع ٣٧، (١٩٩٧/٣/٢٥)، ص١.)

پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ناو هەولێر و بەتایبەتی پاش ساڵێك لە ڕووداوەكانی ٣١ی ئاب، بەرەی توركمانی بەر لەوەی كۆنگرەی خۆی ببەستێت بە بەیاننامەیەك فەصلكردنی سنان چەلەبی لە سەرۆكی بەرە و ئەندامێتیش ڕادەگەیەنن. بەیاننامەكە كە بەناوی دەستەی ڕاپەراندنی بەرەوە دەرچووە دەڵێت: «لەبەرئەوەی سنان چەلەبی بۆ ماوەی مانگێك بێ هیچ بیانوێكی شەرعی پەیوەندی بە شوێنی كارەكەیەوە نەكردووە، دەستەی ڕاپەراندنی بەرە بە كۆی دەنگ بڕیاریدا بە بەخشینی ناوبراو لە سەرۆكایەتی بەرەو ئەندامێتیی تیایدا و بڕیاریدا بە بەردەوامبوونی موستەفاكمال یایچەلی بە ئەنجامدانی كارەكانی بە وەكالەت.» (بيان صادر من الهيئة التنفيذية للجبهة التركمانية حول اعفاء السيد سنان جلبی من منصبه، توركمن الی، ع٤٤، (١٩٩٧/٩/١٦)، ص٢.).

بەر لە نزیكەی دوومانگ لە بڕیاركەی بەرەی توركمانی بە لابردنی سنان چلبی، بزوتنەوەی توركمانی بێلایەن كۆبونەوەیەك دەكات كە خۆیان ناویان نا «الحركه التصحيحيه»، تیایدا فەرید چەلەبی برای سنان چلبی و محمود احمد و ژمارەیەك لە سەركردایەتی پارتەكە دووردەخەنەوە و سەركردایەتیەكی نوێ پێكدێنن (بيان صادر من حركه التركمان المستقلين، توركمن الی، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.). ئەم بڕیارە كاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر لاوازبوونی پێگەی سنان چلبی لەناو بەرەی توركمانی و یەكێك بووە لە هۆكارەكانی لابردنی لە سەركردایەتی كردنی بەرە. لەمانگی دەی ساڵی ١٩٩٧دا یەكەمین كۆنگرەی بەرەی توركمانی لە هەولێر بەسترا بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام. هەر لەو كۆنگرەیەدا ١٠/٧ دانرا وەك ڕۆژی بەرەی توركمانی. ئەو حیزبانەی كە بەشدار بوون وەك خۆیان مانەوە، سەرۆكی حیزبەكان بوون بە ئەندامی ڕاپەراندنی بەرە (چاوپێكەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف.). كۆنگرەی یەكەمی بەرەی توركمانی لەماوەی ١٩٩٧/١٠/٤ بۆ ١٩٩٧/١٠/٧ بەردەوام بوو. لە كۆنگرەدا سەرۆكی نوێی بەرە هەڵبژێردرا بە ڕەزامەندی سەرجەم لایەنە بەشداربووەكان. ویداد ئەرسەلان لە یانەی برایەتی توركمانی هەولێر بوو بە سەرۆكی نوێی بەرەی توركمانی.

لایەنە بەشداربووەكانی كۆنگرەی یەكەمی بەرە وەك لە ڕاگەیاندنی كۆتایی كۆنگرەدا هاتووە بریتی بوون لە یانەی برایەتی توركمانی، پارتی نیشتمانی توركمانی عێراق، پارتی توركمان ایلی، بزوتنەوەی توركمانی بێلایەن، كۆمەڵەی توركمان ایلی بۆ ڕۆشنبیری و هاوكاری، كۆمەڵەی توركەكانی عێراق بۆ ڕۆشنبیری و بەدەمەوەچوون، لەگەڵ نوێنەرانی ڕێكخراوە توركمانیەكان لە دەرەوەی وواڵت و ژمارەیەك لە زانایان (توركمن ایلی، البيان الختامی للمؤتمر التركمانی، ع٤٦، (١٩٩٧/١٠/١٦)، ص٢).

پاش كۆنگرەی یەكەم، تاڕادەیەك بارودۆخی ناوخۆیی بەرەی توركمانی سەقامگیری بەخۆوە بینی. ئەوەی گرنگە هەیمەنەی هەولێریەكانی ناوبەرەی توركمانیە بەسەر بەرەی توركمانیەوە. هەر لەدامەزراندنی بەرەوە هەتاوەكو ساڵی ٢٠٠٣ سەرجەم سەركردەكانی بەرە توركمانی هەولێر بوون. سنان چەلەبی، ویداد ئەرسەلان، هەروەها سەنعان قەساب، سەرجەمیان هەولێری بوون و دوانی كۆتاییان لە ئۆجاغی برایەتی هەولێر بوون.

## دەرەنجام/

لەپاش نوسینی ئەم توێژینەوەیە گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە. تورکمانەکان لەسەرەتای هاتنەسەردەستەڵاتی حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٦٨ هەتاوەکو ساڵی ١٩٩١ هیچ پارتێکی سیاسی ناسیۆنالیستی دیاریان نەبووە، جگە لە چەند جوڵانەوەیەکی سنوردار. لەو سەردەمەدا تورکمان لە بێدەنگی سیاسیدا ژیاون. سەرەرای ئەوە، لە سیاسەتی پاکتاوکردن و راوەدونانی دەستەڵاتدارانی بەغداد بێبەش نەبوون.

پارتی سیاسی تورکمان بەرهەڵستکاری دژ بە رژێم لەپاش دروستبوونی هەرێمی کوردستان سەریهەڵدا و لەو میانەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو پارتی سیاسی ناسیۆنالیستی تورکمان دروستبوون و کاری سیاسیان دەستپێکرد. لەژێر دەستەڵاتی حیزبی بەعس تورکمان توانای کاری سیاسیان نەبووە، هەتاوەکو پاش راپەرین و دروستبوونی ناوچەی ئارام رەوتە سیاسیە جیاوازەکانی تورکمان دروستبوون. رەوتی ناسیۆنالیستی بەهێزترین رەوتی سیاسی تورکمان بووە.

بەرەی تورکمانی قۆناغێکی نوێی کاری سیاسی ناسیۆنالیستی تورکمان لەباشوری کوردستان دەردەخات. سەرەتای دروستبوونی بە ئاڵۆزی و ناکۆکی سیاسی ناو پێکهاتەکانی دەستپێکرد. بەڵام دواتر، بەرە توانی زۆرینەی پێکهاتە سیاسیە جیاوازەکانی تورکمان کۆبکاتەوە بە هاوکاری تورکیا. لەناو بەرەی تورکمانی، هەیمەنەی تورکمانەکانی هەولێر و رۆڵ و کاریگەرییان بە ئاشکرا دەبینرا.

## لیستی سەرچاوەکان/


### یەکەم/ سەرچاوە بە زمانی کوردی:

١.پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢.جەلال جەوهەر عەزیز، کەرکوك لە پاکتاوی رەگەزیەوە بۆ چارەسەر دەستوری، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣.سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤.محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، سلێمانی، ٢٠٠٣

٥.محمد شاکەلی، کورد و تورکمان، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦.محمد فاتح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، سلێمانی، ٢٠١٢.

### دووەم/ سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

٧.ارشد هرمزی، الترکمان و الوطن العراقی، ط٣، استانبول، ٢٠٠٥.

٨.حسن اوزمن، الترکمان فی العراق و حقوق الانسان، ط٢، انقره، ٢٠٠٤.

٩.سعدون نورالدین کوبرلو، مجزرة التون کوبری الرهیبة، کرکوك، ٢٠١٥.

١٠.د. صباح عبداللە کرکوکلی، اعلام الصحافة الترکمانیة فی العراق ١٩٠٠-٢٠٠٣، بغداد، ط١، ٢٠١٣.

١١.صبحی ساعتجی، الکیان الترکماني فی العراق، ت.حبیب الهرمزی، ط١، استانبول، ٢٠١٤.

١٢.صلاح الدین ناجی اوغلو، طوزخورماتو قدیما و حدیثا، طوز، ٢٠٠٥.

١٣.عزیز قادر الصمانجی، التاریخ السیاسي لترکمان العراق، لندن، ٢٠٠٣.

١٤.عزیز قادر الصمانجی، قطار المعارضة العراقیه من بیروت ١٩٩١ الی بغداد ٢٠٠٣، ط١، لندن، ٢٠٠٩.

١٥.محمود الشناوی، العراق التائە بین الطائفیة و القومیة،ط١، قاهرة، ٢٠١٢.

١٦.منشورات الاعلام المرکزی للجبهة الترکمانیة العراقیة، مواقف المسیرة السیاسیة، ع٤، اربیل، ٢٠٠٢.

١٧.منشورات الاعلام المرکزی للجبهة الترکمانیة العراقیة، الجبهة الترکمانیة العراقیة مشروعیتها و استراتیجیتها، اربیل، ع١، ٢٠٠١.

١٨.هادی حسن علیوی، احزاب المعارضە السیاسیة فی العراق ١٩٦٨-٢٠٠٣، بغداد، د.س.ط.

١٩.وليد شركه، صفحات مضيئة من تاريخ الشعب التركمانى، كردستان العراق، ٢٠٠٠.

**سێیەم/ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکان:**

٢٠.عرفان كركوكلى، التعايش السلمى بين الكرد و التركمان فى مدينة كركوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ١٠، س٢، ٢٠٠٠، ص١٦٢-١٧٠.

٢١.کوردستانی نوێ، ژ ١٣٧٦، (١٩٩٧/١/٤)، ل٢.

**چوارەم/ گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبیەکان:**

٢٢.اعلان قيادة جديدة لحركة التركمان المستقلين، توركمن الى، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.

٢٣.اوميد كوبرللو، الذكرى (٢٦) للمجزرة التون كوبرو الرهيبة، مجلة اربيل، ع٢٣، ٢٠١٧، ص٣.

٢٤.باريش البياتى، الحزب الوطنى التركماني العراقي مسيرة نضالية مظفرة و عطاء دائم لا ينضب، تركمن ايلى، ع١٣، (١٩٩٥/١١/١٥)، ص٣.

٢٥.البيان الختامي للمؤتمر التركماني الاول، توركمن ايلى، ع٤٦، (١٩٩٧/١٠/١٦)، ص٢.

٢٦.بيان صادر من الهيئة التنفيذية للجبهة التركمانية حول اعفاء السيد سنان جلبى من منصبه، توركمن الى، ع٤٤، (١٩٩٧/٩/١٦)، ص٢.

٢٧.بيان صادر من حركة التركمان المستقلين، توركمن الى، ع٤١، (١٩٩٧/٨/١)، ص١.

٢٨.تصريح مناضل سبزەجى اوغلو عضو المجلس التنفيذي للجبهة التركمانية، توركمن ايلى، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص٢.

٢٩.توركمن ايلى، ع ٢٤٤، (٢٠٠٠/٣/٢٩)، ص١-٢.

٣٠.توركمن ايلى، ع ٢٤٨، (٢٠٠٠/٤/١٢)، ص١.

٣١.توركمن ايلى، ع ٣٥، (١٩٩٧/١/١٩)، ص ١-٢.

٣٢.توركمن ايلى، ع ٣٧، (١٩٩٧/٣/٢٥)، ص١.

٣٣.توركمن ايلى، ع ٥٥٠، (٢٠٠٣/٣/١٢)، ص٢.

٣٤.توركمن ايلى، ع ٥٦٨، (٢٠٠٣/٦/١)، ص٢.

٣٥.توركمن ايلى، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص١.

٣٦.توركمن ايلى، ع٨١، (١٩٩٨/٧/١)، ص١.

٣٧.سرود العزيزى، حركة المستقلين من التركمان و عام من المسيره النضالية، توركمن ايلى، ع٢٧، (١٩٩٦/٦/١)، ص٣.

٣٨.سعدون نورالدين كوبرلو، فى ذكرى مجزرة ألتون كوبرو الاليمة، مجلة اربيل، ع٢٣، ٢٠١٧، ص٥.

٣٩.عباس توركمن كركوكلى، الحرس الجمهوري العراقي فى اربيل العام ١٩٩٦ عمليات أب المتوكل على الله بشمال الوطن رؤية شاهد عيان، جريدة القلعة، ع٣٢١، (٢٠١٠/٨/٢)، ص٢.

٤٠.قائمه باسماء التركمان الذين اعتقلوا فى ٢ ايلول ١٩٩٦، توركمن ايلى، ع٩٠، (١٩٩٦/٩/٢)، ص٣.

٤١.اللقاء الصحفى مع السيد مصطفى كمال يايجلى رئيس الجبهة التركمانية وكالة و رئيس الحزب الوطنى التركمانى، توركمن الى، ع٤٣، (١٩٩٧/٩/١)، ص٢.

٤٢.نص البيان الختامى للمؤتمر الاول لحركة التركمان المستقلين ١٩٩٧/٩/٦، توركمن الى، ع٤٤، (١٩٩٧/٩/١٦)، ص٣.

٤٣.نص بيان اعلان تأسيس الجبهة التركمانية، توركمن ايلى، ع٦، (١٩٩٥/٨/١)، ص٢.

**پێنجەم/ چاوپێکەوتن:**

٤٤.چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەربیل، دەستەی کاگێڕی یانەی برایەتی تورکمان/ هەولێر، هەولێر، (٢٠١٨/١/٢٨).

٤٥.چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی، ٢٠١٧/٨/١٥ هەولێر.

٤٦.چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار ئالتی پارماخ، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٦).

٤٧.چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان شاکر، سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، هەولێر، (٢٠١٨/١/١٦).

٤٨.چاوپێکەوتن لەگەڵ سەیاح کورەچی، دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی تورکمانی بێلایەن، (٢٠١٨/٧/١٥)، هەولێر.

٤٩.چاوپێکەوتن لەگەڵ حسام حەسرەت، دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی تورکمان و سەرنوسەری ڕۆژنامەی تورکمان ئیلی بۆ ماوەی چوار ساڵ ١٩٩٧-٢٠٠٠، هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٧).

٥٠.چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عبدالکریم مەلا ئۆغلۆ، جێگری سەرۆکی ئۆجاغی تورکمان/هەولێر، هەولێر، ٢٠١٩/١/٢٧.

**شەشەم/ پێگە ئەلیکترۆنیەکان:**

٥١-http://turkmentribune.com/Articles/A534.pdf 9/7/2019.

٥٢-http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=32259 9/7/2019.

http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949